# جیاوازی نێوان ج. زلنووسەر و زلپارتی کورد!!!!!!

هشام ئکرەیی

پێشتر پێم وابوو جیاوازیەکی دەروونی گەورە لە نێوان مرۆڤێکی نووسەر و یەکی تری ئاسایی وەک ئێمە مانان هەیە. پێم وابوو نووسەر کە گەورە دەبێ لە تەمەن و نووسیندا عەقلیشی گەورە دەبێت و بە هێچ شێوەیەک تۆرە نابێت، چونکە تۆرەیی لە نەزانین و عەقڵ سووکییەوە دێت. پێم وابوو ئەو ڕیز و ئیحترامەی نووسەران لە یەکتری و خەڵکی تر دەگرن، کەسانی تر لە یەکتری ناگرن و نووسەر بەها و قیمەتی مرۆڤ دەزانن و هەموو هەوڵیان بۆ بونیاتنانی مرۆڤە نەک ڕۆخاندنی. هەروەها پێم وابوو ئەو نووسەرەی ئەندام لە پارتێکدا، نووسەری تەواو نیە چونکە پارت بەرێوەی دەبات و ڕۆژانە مێشکی دەشوات. بەڵام بەداخەوە وانیە. نەک چونکە پارتەکان مێشک ناشوون بەڵکوو چوونکە مێشکی هەندێ نووسەر وەک هۆر دیسکی چەند کیلوبایتیە و بەرنامەی نوێ و گەرە قبوڵ ناکات.

هەر پارتێک لە سەرەتای دروستبوونیدا زوور نەرم و نیان و ڕێکوپێکە لە گەڵ خەڵک و جەماوەر و لە پێناو ئامانجەکانی گەل و چینێدا، ئامادەیە هەموو شتێک بکات و بە جۆرەی ئەو خەباتە پارت بەرەو پێش دەروات و جەماوەر لە دەوری کۆدەبێتەوە. ئەگەر پارت لە سەر ئەو ڕێرەوە مایەوە ئەوە دەبێتە زلپارتێکی تەواو. بەڵام ئەوەی بەدیدەکرێت پێچەوانەی ئەمەیە. چەند پارت گەورە ببێ گوێ لە کەس ناگرێت و دژی هەموو پارتەکانی تر ڕادەوەستێت. سەرەتای دژ ڕاوەستان بە وتار و نووسین ڕەخنە دەستپێدەکرێت و ئەگەر سوودی نەبوو، ئەوە بە چەک و شەڕ هەوڵ دەدا پارتەکانی تر لە ناو ببات.

هەندێ لە زلنووسەرانی کورد کە بە پەنجای دەست دەژمێردرێن، هەمان هەڵسووکەوتی زلپارتە ناتەواوەکان هەیانە. وەک دوکاندار هەڵسووکەوت دەکەن. هەر کەسێک بێتە ناو بواری نووسینەوە و هەوڵ بدات هزروبیرەکانی بە نووسین دەرببڕێت و دابیرێژێ، ئەم "زلنووسەرانە" بەلاماری دەدەن و پێیان وایە کڕیارەکانیان (موشتەری) لێیان دەدزن. پێم وایە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان نووسەر و دوکاندار هەیە. چۆنە ئەگەر زلنووسەرێک لاسایی دوکاندار بکات!

ناخۆش نیە ئەگەر ئەم بەسەرهاتە بۆتانی بگێڕمەوە چوونکە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە. لە شارەکەمان وەستایەکی خانوو دروستکردن هەبوو، بە بەردەوامی کرێکارەکانی دەگۆڕی. ڕۆژێ برادەرێک لێی پرسی: ئەرێ وەستا ئەوە بۆ وا زوو زوو کرێکارەکانت دەگۆڕی، پێم ناڵێی بۆ؟ وەستایەکە وتی: برای برام، ئەگەر کرێکار دەمێکی درێژ لای من مایەوە، دەترسم سنعەتەکەم بدزێ. ئەم جۆرە زلنووسەرانەش خەریکە هەر ڕۆژێک خەڵکانی تر بە شتێک تاوانیار دەکەن. ڕۆژێ دەڵێن ئەم دێرەی فلانەکەس (ناڵێم نووسەر ئەگینا تۆرە دەبن) نووسیویەتی هی منە. یان ئەم بووچۆنە هی منە. یان من بەر لە ئێستا باسی ئەم بابەتەم کردوە. تازە زانیم بووچۆن هی کەسانیک بێت. لە وەتی نووسین دەرکەوتوە بە هەزاران نووسەر دەربارەی هەمان بابەت شتیان نووسیوە. لەوانەیە زیاد لە هەزار شیعر لە ژێر ناوی هەڵەبجە نووسراین.

لەدونیادا بە مەلایین کەس هەن وەک یەک بیر دەکەنەوە و هەر لە بەر ئەوەندەش پارتی سیاسی دەرکەوتوون. ڕۆیداوە کە کەسانێکی عارەب یان سوێدی قسەی کردوە کە زۆر نزیکە لە هی من یان هی کەسانێکی تر. زۆر جار ویستوومە وتەبێژێک لە تەلەفزیوندا بووچۆنێک بڵێت و وتوویەتی و پێچەوانەشی ڕۆیداوە. ئەگەر ئێمە بە دێڕ و سەردێڕ حوکم بدەین ئەوە نیوەی نووسینەکانی نووسەران هی خۆیان نیە. نیوەی ئەو دێرانەی بە زمانی عەرەبی دەنووسرێن لە قورئاندا هەن. دەستەی زلنووسەرانی کورد پێیان ناخۆشە نووسەرێکی تر بێتە ناو مەیدانی نووسیندا. هەر لە بەر ئەوەش بە وشەی ڕۆخێنەر

قەسف دەکەن و وەک زلپارتەکان هێرش دەکەنە سەر کەسانی تازە بابەت دەنووسن و نووسەرانی تازە و نەوەی داهاتووی ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردی.

ئەم جۆرە زلنووسەرانە وەک کوڕی تاقانە بیر دەکەنەوە و نایانەوێت باوک و دایکیان منداڵێکی تریان هەبێت.

لە جیاتی ئەوەی دەستی نووسەران و خەڵکی ئاسایی وەک ئێمە مانان بگرن، هێرش دەبەنە سەریان. ئەم جۆرە زلنووسەرە، نەک لە بەر ئەوەی دژی زلپارتەکانن هێرش دەکەنە سەریان بەڵکوو لە بەر ئەوەی هەردووکیان خاوەن هەمان ڕەوشتن. ئەم جۆرە زلنووسەرانە هەوڵ دەدەن نووسەری بچووکتر بچەوسێننەوە و ورەیان بڕۆخێنن و بومبەباران کەن. زلپارتی ناتەواویش نایەوێت هیچ پارتێکی نوێ دروست بێت.

زلپارتی ناتەواو ئامادە نیە بڕواتە ناو بەرەیەکدا مەگەر بە سەرکردایەتی ئەو نەبێت. زلنووسەریش بە هەمان شێوە ئامادە نیە لە ناو کۆمەڵەیەک یان دەستەیەکی نووسەران یان هی هەر ئامانجێکی تردا کاربکات، ئەگەر هەموو بڕیار بە دەستی ئەو نەبن. دوو زلنووسەری ئاوایی لە ناو یەک ڕێکخراودا جێگایان نابێتەوە، چونکە هەردووکیان بەڕێوەبەرایەتیان دەوێت. ئەوەش ناکرێت هەر ڕێکخراوێک تەنیا یەک سەرۆکی هەیە.

ئیتر یان ئەوەیە یانیش دەڵێن کە کەسێک ئیشی نەما، باسی خەڵک دەکات. ئەم جۆرە زلنووسەرانەش یان بابەتی نووسینیان نەماوە یانیش دەترسن نووسەرە تازەکان خوێنەری زیاتریان هەبێت لە هی ئەوان.

دوا وتەم ئەوەیە *"ئەگەر پێت نەکرێت کەس لە مردن ڕزگار کەی کەسیش مەکوژە"*. *" ئەگەر ناتەوێ نووسەر بئافرێنی ڕێگریش مەبە"* *" پیرۆزترین دێر لای من ئەو دێرەیە مرۆڤێکی ئاسایی بکاتە نووسەر"* *"تەقەی درۆ شێر ناترسێنێ"* (هشام ئاکرەیی) دوو دێری یەکەم لە سەر وەزنی ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە نووسراون. لە ڕاستیدا نووسەر دەبێ گوڵ بێت و بۆی نیە گوڵ نەبێت بەڵام بەداخەوە دڕکیش هەن.

**ڕۆنکردنەوە:**

ئەم بابەتە ڕەخنە نیە بەرامبەر بە کەس، چ وەک نووسەر یان مرۆڤ. هۆی نووسینی ئەم بابەتە، نەبوونی هاوکاریە لەنێوان نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد و لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن بۆ پێشکەوتنی ئەدەب و زمانی ڕۆژنامەگەری کوردی، ڕەخنەی ڕۆخێنەر لە یەکتری دەگرن. ئەگەر زلنووسەرانیش پێیان وایە نووسینی ئەو کەسانە هەمووی هەڵەیە لە ڕۆی ئەدەبی و زمانەوانیەوە، با وێڵی کەن و خۆیان نزم نەکەنە ئەو ئاستە نزمە. هەڵبەتە ئەمە بوچوونی منە. ڕێزم هەیە بۆ هەر کەسانێک بە شێوەیەکی جیا لەمن بیر دەکاتەوە. هێوادارم کەس لەمن نەبێتە زلنووسەری ساختەو بەو چەند دێرە تۆڕە بێت. من ڕەخنە لە کەس ناگرم لە فکر دەگرم. هەڵسووکەوتی زلنووسەرانی تەواو و ڕاستەقینە بە سەدان جار پیرۆزترە لەو ڕەوشتانەی من نووسیومە. کۆمەڵگای کوردستان وەک هەموو کۆمەڵگایەکی تر پڕە لە نووسەری دڵسووز، چ لە ناو پارتەکاندا و چ وەک کەسانی سەربەخۆ. بەڵام بەداخەوە چەند کەسانێک لە وانەی خۆیان بە زلنووسەر دایدەنێن، ڕاو دەکەن لە ناو ئاوی شێلیدا و دژی هەموو شت و کەسانێکن. ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان کەس نەما دژایەتی بکات، خۆی دەکەتە دوو کەرت و دژ بە کەرتی تری ڕادەوەستێ.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نوسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.